Signature Not Verified Dengekan
Digitally signed by Dengekan
DN: cn=Dengekan, o=Goran Abdullah, c=US
Date: 2002.12.15 21:55:00 -06'00'

# ژنامه

حەمەسەعید حەسەن

له کن من/ ژن هەموو/ شاجوانن
خودایه ببووره
له کن من ئافرەتان سەرداری پیاوانن،
له کن من خوا مێیه
تەنیا ژن پەیامی پیرۆزی خوای پێیه،
له کن من خوا تیشکی جوانیی خۆی
به ژنان بەخشیوه،
له کن من هەر کەسێ ئافرەتی ناسیبێ،
خوای دیوه،
من تەنیا ئافرەته سەرچاوەی ئەوینم
من خودا له ژندا دەبینم،
مامانی هۆنراوەی من ژنه
له کن من
ژین بێ ژن،
مردنه،
من لەسەر شابالّی هەوری ژن
دەگەمه بارەگای خوای مەزن.

2002. 12. 13